ڕەمانۆسکی لە ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە: پێویستە ڕێگری لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا بکەین

باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق لە 36ـەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت، پێویستە پێکەوە پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکەین و ڕێگری لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا بکەین.

ئەلینا ڕەمانۆسکی باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆی کۆمەڵایەتی ئێکس (تویتەری پێشوو) نووسیوویەتی: "پشتیوانیی قوربانییان و خێزانەکانی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە دەکەین".

ڕەمانۆسکی لە پەیامەکەیدا هەروەها دەڵێت، "بە هاوبەشی لەگەڵ کورد و عێراقییەکان، ئەمڕۆ یادی کۆمەڵکوژییە قێزەونەکەی هەڵەبجە دەکەینەوە".

جەختیشیکردەوە، کە "ئێمە پشتیوانیی قوربانییانی کۆمەڵکوژییەکەی هەڵەبجە دەکەین و پابەندین بە بەرپرسیارێتی و هەوڵکان بە چاکبوونەوەی برینداران".

باییزی ئەمەریکا لە عێراق گوتیشی: "پێویستە پێکەوە پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکەین و ڕێگری لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهاندا بکەین".